# دەستووری پێشنیارکراو و ئایندەیەکی تاریك بۆ خەڵکی عێراق

سالم کەریم " ڤانکۆڤەر"

دەستوور ئەو دۆکیمەنتەیە کەدەبێتە بنەما بۆ هەموو بڕیارەکانی وولآت، دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی کەماف و ئەرکەکان ، دەسەلآت وجێگەوڕێگەی تاکەکان ، شێوەی کارکردن و پەیوەندی دەزگاکانی دەوڵەت و تێکڕای ئەم مەسەلە جۆراوجۆرانە دیاری دەکات . باوترین کایەی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و گرفتی سەرەکی ئەم سەردەمەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان مەسەلەی دارشتنی برگە سەرەکیەکانی نێو ئەو دەستوورەیە ، بۆیە بەگوزەر لەڕاستی و درووستی ئەم پرۆسەیە و زەمینەکەی ، یاخوود لەڕادەی دووری و نزیکیمان لەگەڵ ئەو لایەنانەی کەسەرگەرمی نوسینەوەی دەستوورن، قسەکردن لەخاڵە لاواز و ڕەشەکانی ئەو دەستوورە ڕەشنووسەی کە پێشنیارکراوە ئەرکی هەر کەسێکی پێشکەوتووخوازە کەپەردە لەسەر ئەو خاڵە ترسناکانە هەڵداتەوە کەدەبنە مایەی مەترسی گەورە لەئایندەیەکی نزیکدا .

سەرەتا بۆ ئەوەی لەنیازەکانی دەستور بگەین و تێگەیشتنی زیاترمان هەبێت لەسەر ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی نوسینەوەی دەستوور ، لەچوارچێوەی پێناسەیەکی کورتی باوی زانستی سیاسی ئەم سەردەمەدا ، باس لەچۆنێتی نوسینەوەی دەستوور دەکەین ، کەپێی وایە " دەستوور لەسێ حاڵەتدا دەنووسرێتەوە یاخوود ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت کە ئەمانەی خوارەوەن :

1- کاتێك کە وولآت داگیردەکرێت و ڕژیمەکەی دەڕوخێت و دەستەیەکی تر دێنە سەر کار .

2- کاتێك کە ڕژێم لەڕیگەی کۆدتاوە دەگوردرێت .

3- کاتێك لەڕیگەی شۆڕشەوە ڕژێم دەڕوخێنیدرێت و تەواوی برگەکانی دەستوور دەگوردرێت لەلایەن ئەو هێزەی کەهاندەری شۆڕشە ، زۆر جار لەمێژوودا ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە لەسەردەستی هێزە کۆمۆنیستیەکان ڕوویداوە .[i]

ئەو خاڵەی کەزیاتر لەم باسەوە نزیك بێت بەکەڵکی ئەوەبێت کەبتوانین عێراقی تێدا هەڵسەنگێنین خاڵی یەکەمە ، لەو خاڵەدا نوسینەوەی دەستوور پابەندە بەوەی کە دەست بەهەندێ ستاندارتی " Standart " ی کۆمەڵایەتیەوە بگرێت و هەموو شتەکان بەبێ پێشینە نەگۆڕێت ، چونکە ئاگاهی باوی کۆمەڵ و چاوڕوانیەکان ڕیگەی ئەوە نادەن کە هەموو بڕیارەکانی نێو دەستوور بەووردو درشتیەوە لەشەو و ڕۆژێکدا ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت ، بەلآم بەمەرجێك لەسەر ئەوە نەبێت پێشخستنی کۆمەڵگە لەبەرچاونەگرێت و هەر لەیەکەم هەنگاویشەوە ئەو پرسیارە لەخۆی بکات کە ئایا دوای ماوەیەك کارکردن بە دەستوور پێویستە کۆمەڵگا بەکوێ بگات ، تاکو ئێرە ئەو پێناسە باوە لەوانەکانی زانیستی سیاسیدا سەبارەت بەدەستوور دەوترێتەوە ، ڕەنگە پێناسەی تریش هەبێت لەمەڕ مەسەلەی دەستوور ، .بەلآم ئەم سێ خاڵە کوورتەی سەرەوە بەو ووردەکاریەش کە نزیکە لەوەزعی عێراقەوە باوترینیانن. بۆیە بەئیلهام وەرگرتن لەم پێناسە کورتە کەبۆ ئەو شوێنانە باسکراوە کە کێشەو گرفتی زۆریان تێدایە و بەمەبەستی ڕزگار بوون و چاکسازی لەڕێگەی جۆرە دەستوورێکی واوە ، دەکرێت کورتە باسێك بکەین لەسەر ئەوەی کە ئایە ئەو هێزانەی کە دەیانەوێت دەستووری عێراق دارێژن چەند توانای ئەوەیان هەیە دەستەلآتێکی پێشکەوتنخواز بنیات بنێن کەوەلآم دەرەوەبێت بەمافە مەدەنیەکانی خەڵك .

ئەبێت ئەوەمان قبوڵ بێت کە ئەوەی لەئێستادا سەبارەت بەنووسینەوەی دەستووری عێراق دەوترێت ، ڕێك پێچەوانەی ئەو ئیدعایانەیە کەباڵە بەناو لیبراڵەکانیی نێو مەجلیسی کاتی حوکم بەڵێنیان بەخەڵکی عێراق دەدا کە گوایە ئەرکی ئەوان " دامەزراندن و بنیاتنانی دەستەلآتێکی دیموکرات و مەدەنی دەبێت لە عێراقدا ، کەنمونەی دیموکراتیەت بێت لەناوچەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست".

ئەو کیشەوگرفتانەی نێۆ دەستەی نوسینەوەی دەستوور گەواهی ئەوە دەدەن کە تاریکی دەستەلآتی ئایندەی عێراق هەر لە ئێستاوە دیارە ، لەبەر ئەوەی نوسینەوەی دەستوور و ئەو باسانەی کەدەبنە هەوێن بۆ دەرهاویشتنی بڕیارەکانی ، زۆرترین

کاریگەری هێزە ئیسلامیەکانی پێوە دیارە ، وەتەنانەت ئەوانەی کە خۆیان بەنوێنەرانی دیموکراتی و لیبرالیزم دەزانن بەسەرانی کوردیشەوە سەرباری بەکارهێنانی وەرقە سووتاوەکانیان بێ توانان لەبەرامبەر ئەو تەوژمە ڕەشە کۆنەپەرستەی کەدەیەوێت عێراق لەچوارچێوەی دەستەلاتێکی کۆنەپەرستی دینیدا بگێرسێنێتەوە . لەلایەکی ترەوە پەراویزبوون و نەبوونی بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخواز کەکاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەرنووسینەوەی دەستوور لەعێراقدا ئەوەندەی تر پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کردوەتە پارووەیەکی چەور لەبەردەم ئەو هێزە کۆنەپەرستانەدا ، بۆیە هەرلەئێستاوە بەهیچ شێوەیەك ئومێدی ئەوە ناکرێت دەستووری ئایندە ڕۆشنایەکی ئەوتۆی تێدا بێت کە شایستەی ئەو هەموو قوربانی و دەردەسەریانە بێت کەخەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەت دایان لەو پێناوەدا .

فیدرالیزم وەك ڕێگاچارەیەك بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکان لەووڵاتیدا فۆرمێکی باوی ئەم سەردەمەیە بۆ ئەو ووڵاتانەی کەخاوەنی کێشەی لەو بابەتانەن . بۆیە دەبینین ئەم مەسەلەیە لایەنێکی تری زیندووی نێو باسەکانی دەستوورە ، ئەویش بەونیازەی دەسەلاتی ئایندە لە عێراقدا لەسەر بنەمای سیستەمی فیدارڵی بێت و پشت بە " decentralization " واتە لامەرکەزیەت ببەستێت و دەستەلأت لەنێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵدا دابەش بکرێت ، دواتریش بۆ ڕاگرتنی پارسەنگ لەنێوان دەستەلأتی هەردوو ئاستەکەی حکومەت و دیاری کردنی چوارچێوەی دەستەلأتەکانیانە کە دەبێت وەك برِگەیەکی دیار بەووردەکاریانیەوە لەدەستووری هەمیشەی ووڵاتدا جێکەوتە بکرێت و دیار بێت . ئەکرێت بڵێین ئەم مەسەلەیە تاکو ئێستا گرفتێکی زۆر لەبەردەمدایە ، وەپێناچێت لانی کەمی ئەو مافانەی کە لەووڵاتانی فیدراڵدا لەنێوان دەستەلأتە مەرکەزیەکان و لۆکاڵیەکاندا دابەش کراوە بتوانرێت جێگەی بکرێتەوە ، ئیتر هەر لەمافەکۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکانەوە تاکو دەگاتە دیاری کردنی چوارچێوەی جوگرافی هەرێمەکان.

دەبینین ئەو باسانەی کە تاکو ئێستا سەرەکیترین بابەتەتی دایەلۆکە بەبنبەست گەیشتووەکانی نێو دەستوورن بە ماف و دەستەلأتی هەرێمەکانیشەوە ، لەچوارچێوەی فەنتازیای وەعد و بەڵێنداندا بەشێوەیەکی سەرپێیانە بەڕێ دەخرێن. ئاشکرایە بوونی ئەو جۆرە مامەڵەکردنەو درووست بوونی کێشە لەسەر ئەو برِگانە لەپرۆسەی نوسینەوەی دەستوورو و برِگە جۆراو جۆرەکانی ، مەسەلەکە نەشارەزای یاخوود بوونی باوەڕێك نیە کەلەسەر بنەمای دۆستی و تەبایی و پێکەوە ژیانێکی ئازادانە لە ڕابردوویەکی دوورو درێژ لە عێراقدا فەراهەم بوبێت ، بەڵکو نەبوونی مەبدەئێکە کەلەوباوەڕەدا بێت لەووڵاتێکدا دوو نەتەوەی جیا پێکەوە دەژین و هەریەك لەو نەتەوانەش بەئەندازەی یەك و بەشێوەیەکی یەکسانانە لەمافەکاندا بەهرەمەندن ، وەپێویستە بەشێوەیەکی زۆر ئارەزوومەندانە پێکەوە ژیان بکەن ، وەبەبێ هیچ دوودڵی و مەترسیەك لەوەی کە یەکێك لەو نەتەوانە لەسەبەی ڕۆژدا جیا ببێتەوە ، چونکە کاتێك کە ووڵاتێك لەچەند نەتەوەیەك پێکهاتووە و " Ethnic diversity "یەکی واتە هەمەڕەنگیەیەکی نەژادی بەرچاو لەپێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەیدا بەدی دەکرێت ، زامنکردنی مافەجیاجیاکانی ئەو نەتەوانە و دابینکردنی مافەکانیان لەدەستەلأتدا پێویستە بەڕأوشکاوی وەك خاڵێکی یاسای ڕیزبکرێت لەدەستووردا ، وەئەگەر لەکاتێکدا هەربەشێك لەو پێکهاتانە هەستیان بەپەراوێزبوون و نایەکسانی کرد لەو ووڵاتەدا ، ئەوە ڕێگەیەکی دەربازبوونی وەك مافێك بۆ دەستنیشانبکریت لەدەستووردا ، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنی ڕیگەچارەی جیابوونەوەش بێت.

دەکرێت بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لەو تەسەورەی کەترسی دابەشبوونی عێراقی هەیە ، لەئەزموونەکانی ووڵاتانی فیدراڵ ووردببینەوە ، بزانین گەرنتی ڕوونەدانی بێمافیەکان بەچی مسۆگەر کراوە ، دواتریش ئەو ترسە بەچی ڕەوێندراوەتەوە . بۆنمونە ووڵاتی کەنەدای فیدراڵ کەخاوەنی کێشەیەکی لەو بابەتەیە و دوو نەتەوەی سەرەکی "فەرنسیەکان و ئینگلیزەکان " پێکەوە ژییان دەکەن تێیدا، سەردەمانێکی زۆر لەگەڵ کێشەی "کویبێك " دا ڕووبەڕوو بوو ، بەڵأم بەدان پیدانانی مافی بەکار هێنانی هەردوو زمانەکە و پاراستنی مافی فەڕەنسیەکان لەچوارچێوەی دەستووری هەمیشەی کەنەدادا ، تاکو ئێستا چوارچێوەی فیدرەیشنەکەی بەیەکگرتووی هێشتوەتەوە . بۆ ئەوەی بزانین ئەو تەسەورەی کەپاساو لەترسی جیابوونەوە دێنێتەوە و دەیەوێت دەستوور لەچوارچێوەی تەسکبینی نەتەوە پەرستی‌یەوە بنوسرێتەوە،

بنەمافکریە ئایدۆلۆژیەکەی چەند نامۆیە بە نوسینەوەی دەستوورێك کەببێتە مایەی درووست بوون و بنیات نانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی ، ئەو تەسەورەی کەدەیەوێت لەڕێگەی ئەو جۆرە پاساووە بەر بەجیابوونەوە بگرێت ، بێگومان تەمەنی زۆر کۆرت دەبێت و پێکەوە ژیان دەکات بەدۆزخ لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا ، وەئەگەر جێ پێی خۆی لەدەستەلأتدا قایم بکات ، ئەوە بەهەموو شێوەیەك بەر بەو مافانە دەگرێت و بەهەموو شێوەیەك ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

دەستووری کەنەدا ڕاستەوخۆ نەبووە مایەی ئەوەی لەگەڵ یەکەم ڕەشنووسیدا وەلأم بەتەواوی ئارەزوو و خواستەکانی هەرێمەکان بداتەوە و هەموو لایەنەکانی نێۆ " فیدرەیشنەکەی کەنەدا " the fedration of Canada " بێ یەك و دوو دەستووری هەمیشەی‌یان مۆر کردبێت ، هەروەك ووتمان ئەو ووڵاتەش کێشەی زۆری بووە و تاکو ماوەییەکی درێژخایەن بە دەستووری کاتی و ڕێکەوتننامەکان کاروبارەکانی بەڕێوە بردووە ، تاکو لەدوائەنجامدا دەستووری کەنەدا توانی جێگەی چەند دوکویمینتێکی مەرحەلی لەنێو دەستوورێکی هەمیشەی‌یدا بکاتەوە و پێکەوە ژیانی هەرێمەکان بۆ خۆی مسۆکەر بکات . یەکێك لەو دۆکویمینتانەی کە وەلأم بەزۆرێك لەداخوازیەکانی هەرێمێکی وەك کیوبێکی دایەوە کە زۆرترین کێشەی هەبووە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا لەمێژووی کەنەدا ، پێی دەوترێت " Meech Lake Accord "[ii] واتە رێککەوتننامەی دەریاچەی میچ " ، لەو رێکەتننامەیەدا کە لەبەرواری Apr. 30, 1987 لەنێوان برایەن مارۆنی سەرەك وەزیرانی ئەوکاتی کەنەداو تەواوی هەریمەکانی مۆرکرا، زۆرینەی مافەکانی هەرێمەکان زامن کراوە کەبەرچاوترینیان بەکارهێنانی ڤێتۆیە لەدژی دەستوور. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەو ڕێکەوتننامەیە بووەتە مایەی ئەوەی کە دەستەلأتی فیدراڵ هەمیشە ئیمتیازاتی زیاتر بدات بە هەرێمەکان بۆ ئەوەی لەنێو فیدرەیشنی کەنەدادا بمێننەوە ، هەرێمی کوێبیك کەبەسەپەریتست" separatist " واتا جووداخواز ناسراواتەوە، بەهۆی جێکەوتەکردنی برگەیەك لەدەستووردا کە لەژێر ناوی ئەوەی هەرێمەکان مافی ئەوەیان هەیە زۆر ئازادانە لەچوارچێوەی کەنەدادا بميننەوە یاخوود جودا ببنەوە "، گەورەترین ئیمتیازاتی پێدراوە و ستاندارتی ژیان لەوهەرێمەدا لەبەرزترین ئاستدایە لەچاو هەرێمەکانی تری کەنەدا . تەواوی مافەکەلتووریەکانی خاڵ بەخاڵ ڕیزکراوە لەدەستووردا ، وەلەهەمووی گرنگتر مافی ئەوەشی پێدراوە کە ئەگەر زۆرینەی خەڵکەکەی کوبێك داوای جیابوونەوە بکات ئەوە لەڕیفراندۆمێکی ئازادانەدا ئەتوانن ئەو بڕیار بدەن، وەهەر لەسایەی ئەو مافە دەستووریەیدا تاکو ئێستا پارتی کوێبیکوا ( Parti Québécois )چەند ڕیفراندۆمێکی ئەنجام داوە بۆ جیابوونەوە ، کەچی لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی هەرێمەکە زیاتر لەپێکەوە ژیاندا بووە ، ڕاپرسیەکان نەبوونەتە مایەی ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان لەسەندوقی " بەڵێ بۆ جیابوونەوە" دا مسۆگەر بکات. ئەم ئیمتیاز وەرگرتنە بۆ کەمینەیەکی وەك فەرەنسیەکان کە لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی کەنەدا کە 31,714,637 ە وە ئەوان تەنیا 7,503,502 ی ئەو ژمارەیە پێك دێنن ، ئەمە ئەگەر بێت و کەمێك واوەترەوە بچین و ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکاش کە ئیگلیزی[iii] زمانن و ژمارەیان 295,734,134[iv] لەو بەراوردکردنەدا باس بکەین ئەوە ئەتوانین بڵێین سەرباری ئەوەی چوار دەوری فەڕەنسی زمانەکان بە 319945269 ئینگلیزی زمان تەنراوە کەچی زۆر سەربەستانەو ئازادانە مافەکانیان لەچوارچێوەی دەستوورێکی مەدەنیدا پارێزراوە. کەچی لکاندنی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی تری عێراق بە نەتەوەی عەرەبەوە و ملکەچکردنیان بەوەی کەلەچوارچێوەی ئومەی عەرەبیدا بمێنێنەوە و سەپاندی دینی ئیسلامیش بەسەریاندا وەك دینی ڕەسمی ووڵات ئەو تاریکی و بێمافیە کەعێراق بۆ چەندین دەیەی بەرەو دواوە دەبات . جێکەوتەبوونی ئەو برگانە لەدەستووردا گەواهی بەردەوام بوونی هەلومەرجی پێشووی عێراقە کە پێکهاتەکانی بەزەبری ئاسن و ئاگر پێگەوە گرێدرابوون ، بەردەوام بوونی ئەو بیرە ڕەشەیە کە لایەنێك خاوەن ماڵ و ئەوەی تر ڕەوەند. دەبینین هێزێکی سەرەکی هەیە لەنووسینەوەی دەستووردا بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیە وەك تەرەفێك تەماشای خۆی بکات ، وەئەوەی لەقسەکانیاندا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەوان خاوەن ماڵی سەرەکین و لایەنەکەی تریشی میوان و ئۆپۆسزیۆنە . بۆیە باسکردن لەدەستوورێك کەپێکەوە ژیان مسۆگەر بکات ڕێگە خۆشکات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سکۆلار هەر لەهەنگاوە سەرتای‌یەکانیەوە لووتی بە تەوژمی کۆنەپەرستی ئەو هێزەدا ، کە ئیسلامی‌یەکان و ناسیونالیستی عەرەبی نوێنەرایەتی دەکەن هەر ، تەقیەوە

. کاریگەری ئەم هێزە لەیەکەم سەردێری دەستوورە ڕەشنووسەکەوە دیارە ئەویش " بسم الله ڕحمن الرحیم " ە ، زۆرینەی ئەو دەستوورانەی کەبەناوی گەلەوە دەست پێدەکات ئەوەی لەبەرچاو گرتووە کە پێویستە ڕعایەتی خەڵکانێك بکات کەهەلگری دینی ترن، ، ئیتر بۆ دەبێت ئەم سەردێرە عەجیبەیان بەسەردا فەرز بکرێت . بوونی ئەم سەردێڕە بەلأیەکی زۆر گەورەیە بۆ نەوەکانی داهاتووی عێراق ، چونکە دەیەوێت ببێتە مۆرێك بەسەر هەر دەستنوس و نوسراوێکی ڕەسمیەوە کە لەدام دەزگاکانی دەوڵەتەوە دەربچێت ، ئەم سەردێرەیە کە هەر لەئێستاوە دەیەوێت مۆرکی خۆی بەدەستوورەوە بنێت ، وەهەر بڕیارێك لەسەر چۆنێتی بەڕیوەچوونی ژیانی خەڵك بدرێت ئەوە دەبێت بە فلتەر دینی ئیسلامدا تیپەرێت ، ئەم تایتلەیە کە دەیەوێت سەرگەرمیەکانی دەوڵەت لەچوارچێوەی بۆنەدینیەکاندا بخولێتەوە لەبری ئەوەی خەریکی ڕیکخستن وچارەسەرکردنی گرفتەکانی هاولأتیان بێت . بۆیە سەرباری ڕیزکردنی هەندی خالّ بەشێوەیکی زۆر ڕووکەشانە لەدەستووری پێشنیارکراودا ، وەڕەنگە بۆچونێك هەبێت پێ وابێت ئەو برگەیەی کە دەڵێت :" یەکسان بوونی تاکەکان لەبەردەم یاسادا، کە لە ڕەشنووسی ناوبراودا ئاماژەی پێکراوە ، بڕوانە ڕەشنووسی پێشنیار کراو " پایەیەك بێت بۆ بنیات نانی کۆمەلگای مەدەنی ، بەلأم قەت ناتوانین بلّێن لەبەر بوونی مادەیەکی لەو بابەتە دەستوور دەستوورێکی مەدەنی دەبێت ، چونکە هەرچەند دێرێك لەولای ئەو برگەیەوە شتێکی تر هەیە دەڵێت : هەموو بڕیار و یاساکان دەبێت ڕێز لەدینی ئیسلام بگرێت ، لەچوارچێوەی فەرهەنگ و کەلّچەری ئیسلامدا بمێنێتەوە و سنوورەکانی دینی پیرۆزی ئیسلام نەبەزێنێت " هەمان سەرچاوە "

ئەگەر بۆچونێك هەبێت پێی وابێت تەنانەت لەشکلیشدا بێت فیدارلێزمی عێراقیش شێوەیەکە دەبێت لەشێوە فیدراڵەکانی وولأتانی تری دنیا ، ئەوە بێگومان هەڵەیەکی زۆر گەورەیە . چونکە ئەگەر بگەڕێنەوە سەر ئەو پرسیارەی کەئایا مەسەلەی دەستەلأتەکان ئیمکانی ئەوەی هەیە باڵەنسێکی " Balance " یەکسانانەی هەبێت ، بێگومان دەلّێین نەخێر ، چونکە لەلایەك بیری ناسیۆنالیستی لەسەر بنەمای ئەوە پێك هاتووە کەعرووبەچێتی وەك شوناسێکی موقەدەس سەیردەکا ، وە تەواوی سەروەریەکانیشی لەسەربەخۆی و پاراستنی ئەوشووناسەدا دەبینێتەوە ، لاکەی تریشی ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوەکانێتی کەلەناوەڕۆکدا بەشێکی بەرچاوی شۆڤێنزمی عەرەبی پێکدێنن لەم دەورەیەدا ، ئەم لایەنە دوو چەمکی نامۆن بە دەستەلأتێك کەیەکسانی بوونی هاولأتی لەبەرامبەر یاساو مافەکاندا بەڕەسمی بناسێت و ڕێزی لێبگرێت ، ئە دوو لایەنە زۆر نامۆیە لەبنیاتنانی دەوڵەتی یاسا کە بناغەو پایەکەی ڕیزگرتنی دەستوورێکی مەدەنی و عەلمانی هاوچەرخ بێت. بۆیە لەکۆتایدا تەنیا ئەتوانین ئەوە بلّێین کە نووسینەوەی دەستوور لەئێستادا بەهەرشێوەیەك بنوسرێتەوە ، عێراق لەوولأتێکی وێرانەوە دەگوازێتەوە بۆ زیندانێك کەپاسەوانەکەی لەمەلاو ئاخووندە پێکدێت ، دیموکراتی و مافەمەدەنیەکانی خەڵکیش یەکسان دەکرێن بە بۆنە دینیەکان .

---

i http://www.questia.com/library/politics-and-government/political-science/political-science.jsp?CRID=political_science&OFFID=se1&KEY=political_science_broad&LID=14580295

ii http://www.answers.com/main/ntquery?method=4&dsid=2040&dekey=MeechLak&gwp=8&curtab=2040_1&linktext=Meech%20Lake%20Accord

iii http://www.canadainfolink.ca/charttwo.htm

iv http://www.cia.gov/cia/publications/factbook/fields/2119.html